# دوا سەفەر



باسی مەرگی هاورێیەکی پەنا دەستی خۆمە لە غوربەتا
.

Ahmadali525@hotmail.com
ئەیلولی2001

وەختێ کوردستانی ئێراق سەرگەردانبوو،کاتێ رۆحی هەر بەشەرێکی ئەوێ خوێناوی لێ ئەچۆرا،سەردەمێ کە تەرمە بێ گوناهەکان سەر شەقام و کۆڵانەکانی تەنیبوو،وە دەنگی قیژەو هاوار و تفەنگ لە جێی ئاوازی پر خرۆشی گۆرانیەکانبوو،زەمانێ کە ئەوێ بـــبـــوە وێرانەیەک و خەڵکی بـــۆ ئەم کۆستە لێویان باری گرتبوو،،،،،،،،جەمیل لاوێکی 27 ساڵەی باڵا مامناوەندی ،گەنجێک پر ڕوخساری هەتاوو پر دڵی خونچەی نەپشکوتوی ئومێد بـــــوو، هەمیشە بزەیەک سەمای بەسەر لێوەکانیەوە دەکرد،حوزنێکیش جارو بار ئاسمانی شینی چاوەکانی دائەپۆشی بە جۆرێک دەیبردەوە سەردەمی بەرائەتی مناڵی و سەری دەخستە سەرئەژنۆی و بێ دەنگ دەگریا ،دەگریاو بە کوڵ هەنسکی دەدا،

وەکو ئاپۆرەیەک لە هاوچەشنی خۆی پەیمانگای تەواو نەکردو رێگەی سەفەرو بە خەیاڵی خۆی رێگەی نەجاتی گرتە بەر،من لە یۆنان ئاشنایاتیم لە گەڵیدا دروستبو،لە سەردەمێکدا من ئەوم ناسی عیشق و غوربەت کاریگەری گەورەیان لە سەری دانابوو ،جەمیل هەمیشە عەوداڵی حەقیقەت و لەسۆراخی مانایەکدا بوو بۆ ژیان،ئەو لەنامەکیدا کە پێش مەرگی بە ماوەیەک بۆی ناردم ئاوا نوسیبوی{ (ئەگەر ژیان دەروازەیەکی هەبێ)ئەوا من دور لە خاکیبونێکی درۆزنانە بۆ واتا دەگەرێم،لە سەردەمێکدا کە جـــــارێ مەرگـــی واتاو فەلسەفە و ئەدەب و ...هتد لێ دەدرێ}ئەشێ نەیدۆزیبێتەوە تا لەحزەکانــی پێش مەرگیشی ،

زۆر جار ئینسان دوای لە داس دانی شتەکانی هەست بە ئازیزیو گەورەییان ئەکا،ئەویـــش لەم تێروانینە بە دەر نەبوو،لەو وەختەدا ئەسەف بەشێکی زۆری زاکیرەی بردبوو،ئەسەف بۆ ئەو شتانەی کە بە زەحمەت بە دەس دێنەوە،مەنفا هەمیشە لەم بارەوە کاریگەری قورسی لە سەر موسافیران داناوە،ئەو لە گەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی دەس لەو شتە لە دەس چوانەی هەڵگرێ،

جەمیل لەئەسینا،ئەسینا ئەو شارەی چراخانێکە لە دڵی تاریکی زەویدا و کەچی هەمیشە ماندوو،بە شەکەتی خەون دەبینێ و تێئەفکرێ،ئەسینا پەنای بێ پەنایان و ئامێزی گەرمی عەشاماتێکی بێ نەوا،لەوێدا لە گەڵ 2 هاورێی تریدا لە یەکێک لە وێرانترین خانوە چۆڵەکانی

ئەو شارەدا دەژیان،ئەو خانوانەی زەمەن قەدەرێک بوو بە فەرامۆشی سپاردبوون،لەوێدا کۆری شەوانیان لە بەر روناکی 2مۆم گەرم ئەکرد،2مۆم هەمیشە لە تاریکی ئەو کەلاوەو داهاتوی

ئەواندا ئەسوتا،ئەو رۆژانەی کە کارێکیان چنگ ئەکەوت ئێوارە بە گیرفانێ زەوق وگیرفانــێ ئومێدەوە دەهاتنەوەو کۆری شەوانیان گەرم تر ئەبوو،بەڵام ئەو پیرە ژنەی کە خاوەنی ئـــەو

کەلاوە بوو لە گەڵ کچ و کورەکانیدا لە ماڵێکی تەنیشتیاندا ئەژیان،زۆر جار ئەهات و بـــەردە بارانی دەکردن بەڵکو مەملەکەتەکەی گەنجێتی ئەو کە پێ دەچوو هێشتا ئاسەواری لــــە

زاکیرەیدا بە کاڵی مابێتەوە چۆڵی بکەن ئەگەر چی کورو کچەکانی بەوانیان دابوو،تاچەن جار پۆلیس هاتە سەریان و 3 شەویش زیندانی کران،بە تایبەت ئەوەی زۆر منی نارەحەت کرد بەردە بارانی رۆژێک بوو کە جەمیل دوا رۆژەکانی لە سەر جیگە بە سەر دەبرد،

شەوانی ئەو 3 کەسە گەلێ بیرەوەری شیرینی لە خەیاڵی منیشا سەوز هێشتۆتەوە،گەر چی زۆرێک لە شەوانی ئەوان بێ دەنگ و ئارام و خەمناک بە سەردەچوو ،بەڵام لە گــــەڵ

ئەوەشا خاڵی نەبوو لە حیکایەت،ئەوان 3 کەس بوون 3 جۆر بیریان دەکردەوە یاسین* یــادی بە خێر هەمیشە لە بیر کردنەوەدا ئاراستەیەکی تری هەبوو،زۆر جار نەجات کەلەهەردوکیان

بێ دەنگتر بوو فێر بــوو ئەو دوانە بە چی موناقـەشـەی گەرم و تـوندیان دروسـت ئەبـــێ، مەسەلەیەکی ئەوروژان و خۆشی پاڵی لێ ئەدایەوە،ئیتر ئەوانیش تا هیلاک ئەبوون بـــــە حەماسەوە درێژەیان بە شەڕەکەیان ئەداو دواتریش بە هیچ ئەنجامێک نە ئەگەشتن،بـەڵام شتێک هەبوو پێکەوەیانی دەبەستەوە گەورەتر لە رەنجان و شەڕەکانیان،نەجات 2 مناڵی بە

جێهێشتبوو،یەکێکیان دوای سەفەری ئەو لە دایک ببوو چەن ساڵ بوو بە جێیانی هێشتبوو نەیدیبوون،زۆر جار کە دڵی تەنگ ئەبوو مقامێکی تێ ئەکردوو فرمێسک بە گۆنایدا لە ســەر خۆ دەهاتە خوارەوە،ئەو هێندەی لە مناڵێک ئەچوو کەمتر لە باوکێک ئەچوو،

سەختترین وەختەکانیان زستان و شەوانی بوو،کە باران دەباری خانوەکەیان ئیتر لە چەن لاوە دڵۆپەی ئەکردو ئەوانیش هەر چی قاپ و مەنجەڵیان هەبوو دەیانخستە بەر دڵۆپەکانو خۆیان لە سوچێکا لە بەر شەوقی کزی مۆمەکاندا هەڵئەکورمان،ئەو کاتەیان لە 3 مناڵی بـێـنـەوای تاریکی ئەچوون 3 مناڵ کە شەڕیان لە گەڵ ئاسماندا پێ نەکرێ،

جەمیل سەرێکی هەڵئەبری و دەیوت(دەی بە قوربان بمانبینە،بمانبینەو ئەم ڕەحمەتە، ڕاگرە،سەیرمان کەو کەلاوەکەمان بە سەرا مەڕوخێنە)جەمیل ئەمەی بە قەهریکەوە دەوتو یاسینیش لە دڵەوە پێکەنینی بە قسەکانی جەمیل دەهات و دەستی بە دەمیەوە دەگرت دەیزانی ئەو پێکەنینە شەڕێکی پێوە دەبێ،بۆیە لە بەر خۆیەوە بە بزەیەکەوە دەیوت(لەخوارەوە پۆلیس وئەم پیرە ژنەو لە سەرەوە خوا ئەیانەوێ ئەم خانوەمـــان پێ چۆڵ کـــەن)

ئەم دیمەنە چەنێ مەینەتبار بـــوو، ئەوەندەش پێکەنیناوی بوو،

جەمیل دڵێکی زۆر ناسکی هەبوو بەرگەی قەساوەتی ئەم ڕۆژگارەی نە دەگرت،ئەو نەرم نەرم پەنجەی بە روخساری ژیانا ئەهێناو ژیانیش چرنوکی بە تەمەنی ئەودا ئەهێنا،بەڵام هەمیشە پێی وا بوو عومری ئەم ڕۆژە ڕەشانە کورتنو وەکو ئەوەی سەرەتایەکی هەیە کۆتایشی ئـــەبێ

ئەو چاوەڕێی ئەوە بوو ڕۆژێ حیکایەتو بیرەوەری ئەم ڕۆژە سەختانە بنوسێتەوە،ئەیوت ڕۆژێ کە گەڕامەوە ئەم چیرۆکە بۆ هاورێکانم ئەگێرمەوەو باسی مەنفاو ژانەکانی غوربەتیان بۆ ئەکـــــەم

ئەو عیشقی کچێک هەمیشە دوو حاڵەتی پێ ئەبەخشی،زۆر جار وێرانی ئەکردوو زۆر جاریش ئاوەدانی ئەکردەوە،کچێک هەم خەم و هەم خۆشی ئەو بوو،کەسێک کە بە تاسەوە بـــــوو خەونەکانی بگەیەنێتەوە هەوار،زۆر جار هەستم ئەکرد پرسیارێک کە وڵامەکەی بۆ خۆشــــی ڕۆشنبوو بێ ماندوو بوون ئەیکرد،هەمیشە بۆ تروسکایەک ئەگەڕا لەو وڵامانەدا کەمێ ئارامی

پێ ببەخشێ،تۆ بڵێی تاگەڕانەوەی من شتەکان ئاڵوگۆڕیان بە سەرا نەیەت؟تۆ بڵێی فورسەتی ئەوەی پێبدەن چاوەڕوانم بێ ؟بڵێی وەک هەزاران ژنی تری ئەو وڵاتە چارەنوسیان بە مەرگ و ناکامی نەسپێرن؟هەندێ جار بێ ئەوەی چاوەڕێی ولام بێ وڵامی خۆی بە بـــاوەر ناکـــەم دەدایەوە،

سەیر وەک پیاوێکی پیرو نا ئومێد بیرەوەریەکانی خۆی دەگێرایەوەو لە گەڵ گێرانەوە کەشیدا هەندێ جار ئاهو هەندێ جار بزەو خەم و شادی لێ ئەباری،لە روخساریدا ترسێکی غەریـبم لە فەرامۆشی ئەبینی،هەمیشە(من لە ئەستێرەکان واوەتر ناڕۆم..تۆ لەوێدا چاوەڕێم بە....بە چۆلەکەکانم وتوە ئاگایان لەدڵتەنگیت بێ..تا من دەگەرێمەوە)ی دەوتەوە، بەڵام ئەو کەس نەبوو ئاگای لە دڵ تەنگی بێ و ئەمیش هەر نەگەڕایەوە،

سەفەر گەلێ جار نیهایاتێکی قاتڵە،لە گەڵ ئەوەی خەونێک بوە بۆ بە دەس هێنان،ترسێکیش بوە بۆ لە دەس چوون،ئومێدیک بوە بۆ رزگار بون و خەوفێک لە ئەسارەت، ئەم خەونو ترسە لە یەکەمین هەنگاوی سـەفەرەوە سـەوز ئەبن،سەفەر تەسـلیم بونە بە قەدەر،بــە گشــتی قەدەرێکی جەنجاڵ،

من لە گەڵ جەمیل ئاشنایەتیەکی خۆشمان هەبوو ئەو شەوانەی کە دەمانـتونی هەمومـان لە ماڵی یەکێکمان کۆئەبوینەوەو وەختێکی خۆشمان پێکەوە بە سەر دەبرد،بەڵام لە بەر ئەوەی تێروانینی فکری و سیاسیمان جیاواز بوو زۆر جار نیقاشی توندمان توش ئەبوو،بەڵام ئەم توندی و تیژیە هیچی لە ئیحساسمان بۆ یەکتر کەم نەئەکردەوە ،ئێمە ساڵێک و چەن مانگێ پێکەوە بوین ئەگەر بیرم بێ تەنیا جارێک خراپ لە یەک نارەحەت بوین،

ئەویش لە وەختێکا بوو ئەو لە خەسەخانە دەرچوو بوو،ئەو کـاتە ئەو نامەیەکــی بۆ مـن ناردو منیش وڵامم دایەوە،ئێمە کەسمان حەڵەتی دەرونیمان باش نەبوو،بە داخەوەم ئەو نامەی کە بۆ ئەوم نوسی فەوتا بەڵام ئەو لەبەشیک لە نامەکەیدا وای نوسیبوو ......

هاورێ وبرام ئەبوو* گیان

پاش سڵاوو ڕێزوخۆشەویستیم،دەخوازم لەم وێسگە پڕ ئەندێشەیە ڕزگارت بێ و بگەیت بەوجێگەیەی ئارامی ئەو ڕۆحە شیرنەتی تێدا بێ کە من دەیناســم،
من دەمەوێ لەڕێگەی ئەم نوسینەوە هەندێ قسەت پێ بڵێم،حەزیش ئەکەم لە وتەیەکی
بریتۆنەوە بچمە سەر ئەو قسانەم..... خۆشەویستی لای( بریتۆن)واتا لە ڕوانگەی ئەوەوە کە مەرجەعی بنەمای سوریالیەکانیشە ئەمەیە،هێزێکی قەدەریە وەکـــو وەکو خەون بینین یان ئیلهامی شیعری،وە خۆشەویستی هاوپەیمانی تاکە لـــە جەنگیدا لە پێناو جەخت کردنی بونیدا لە دژی پاڵە پەستۆکانی دەرەکی،،،،

،جا دەتوانین لە ڕوانگەی جیا جیاوە سەنگ و مەحەکی خۆشەویستی دەربخەین، بەڵێ تۆ لە ناختدا لە بونتدا خۆشەویستیت هەڵگرتوە بۆ ئینسانیەت،نەک تەنهـــا کاتێ خزمەتت کردم رەئیم لە سەرت ئەوە بێ کە لە دڵەوە دەیان جار خواستومە

که (خۆزگەم )خواستوە زووتر تۆم بناسیایە،جا هاورێیەتی و برایەتی تۆ ناگۆڕمەوە بە هەندێ مەسەلە،بۆیە بە ڕاشکاوی پێت ئەڵێم تۆ کەسێکی شیرین و گەورە ی لای من بە دەرلەوەی هەڵوێستی سیاسیت چیە یان چۆن لەهەندێ مەسەلە ی سیاسی دەڕوانی، دڵنیام هەم منو هەم تۆش وەزعی دەرونیمان تەواو نیە دیارە و هۆکارەکان زۆرن،
بە هەر حاڵ من ئەبوم خۆش دەوێ و ئەمە هەست کردن نیە بەتاوانێک کە من کردبێتم یان تۆ کردبێتت لە ئاستی مندا،بەڵکو دەرخستنی راستـیەکە کە مـــن بچوکی تۆم لە ڕوانگەیەوە کە هاورێ و براین.

جەمیل محەمەد
15لە سەر3/2001/16
وە لە پشتی نامەکەشی ئەمەی نوسیبوو
ئەگەر ژیان دەروازەیەکی هەبێ، ئەوا من دور لە خاکی بونێکی درۆزنانە بۆ واتا دەگەڕێم لە سەردەمێکدا کە جاڕی مەرگی واتاو فەلسەفەو ئەدەب و...هتد لێ دەدرێ.

بشبورەلە هەڵەو کەمو کوری ئەم نوسینەچونکە ئازارم هەبوو وەختێ دەمنوسی.

ئەو بە دەم ئازارێکەوە ئیحساسی گەرمو دۆستانەی وا دەربڕیبوو،بەڵام خۆی تا ئەو کاتە پێی وا نەبوو مەرگ چاوەڕێی ئەکا،ئازارێک هەراسانی کردبوو،شەوێک کە میوانی کەلاوەکەی من بوو ،منو جەمیل و کاک فواد کە لە گەڵ من دەژیا دانیشتبوین، منو جەمیل دەمانخواردەوەوکاک فوادیش کۆری ئێمەی گەرم دەکرد،کاک فواد چەن ساڵێ لە من بە تەمەن تر بوو،هەندێ جار گەر تاقەتی بوایە نوێژی دەکردو تاقەتیشی نەبوایا نەی ئەکرد،ئیتر باوەڕی بەم شتانە نەبوو،

جەمیل ئەو شەوە بە کاک فوادەوە گرتبوی،قاقا ئەچوو بە پشتاو دیمەنی کاک فوادی لە کاتی ئیش کردنا ئەهێنایە پێش چاو،کاک فواد کەمێ لەشی گەورەبوو ئەوەش بۆکارکردن کەمــێ زەحمەت بوو،جا ئەیوت( کاک فواد من و تۆ ئیشی مەرەزەمان لە لادێیەکا دەس ئەکەوێ،تــــۆ
کڵاوێکی حەسـیرت لە ســەرایەو شــۆرتێک لە پێیتایە لە ســەر
چۆکـتە،هەنێ جار تۆ لە قوڕا ئەچەقی،ئەچەقی و من ناتوانم دەرت کەم ،جا کاک فواد تۆ ئەوەنە قورسی خواش ناتوانێ
دەرت کا)،کاک فوادیش قاقا بە جەمیل پێئەکەنی و دیمەنی خۆی ئەهاتە پێش چاو.............

ئەیلولی2000جەمیل نەخۆش کەوت،ئەو کاتە ئیشێکی دۆزیبویەوە ،تا ئەهات لاواز ئەبوو،ئیتر نەشئەو سەرحاڵی و گەرمیەکانی کاڵ و سارد ئەبونەوە،توانای کار کردنی نەماو هەمیشـــــە بەرەو خراپتر ئەچوو،سەرەتای نەخۆشیەکە بە قورگ ئێشە دەستی پێ کرد ،من رەفیقێکی یۆنانیم هەبوو چەن جارێ بە ئۆتۆمبیلەکەی ئەو بردمانە خەسەخانە ، هەر جارەی هەنێ

دەرمانیان پێ دەدا بۆ چارەسەر،بەڵام ئەو هەمیشە بەرەو خراپتر ئەڕۆشت و زیاتر لاواز و کەم ڕەنگ ئەبوو،ئیتر وای لێ هات ئازارێک لە سنگ و سکیدا دروست بوو هەر جارەی ئەو ئازارە لە شوێنێکەوە لێ ی دەدا،ئازاری ئەو بە شوێنێ گەشت هیچ دە رمانێ ئازاری نەدەشکان،،

دوای ماوەیەک ئیتر دەبویە لە ژێر چاودێری دکتۆرا بوایەو بۆ ئەمەش لە خەسەخانە خەواندیان بە ناچار کە نەخۆشــیەکەیان نەدۆزیەوە نەشــتەر گەریان بۆ کـرد لەو شــوێنەی بە گشــتی ئازارەکەی لێ بوو،بەڵام بێ سود بوو،جەمیل ئیتر جەمیلەکەی جاران نەمابوو،تەواە لاواز ببوو هێز لە جەستەیدا بەرەو فەنا بوون دەڕۆشت ، خواردنی نەدەخوارد و هەلســوکەوتی وەکــوو جاران نەما ،

3 جار نەشتەرگەریان بۆ کرد بەڵام هەر دیار نەکەوت چیەتی ، ئیتر حاڵەتێکی سەیریشی بـۆ یۆنانیەکان دروست کردبوو،هیچ لەوە سەختتر نیە ئنسان لە وەخت و شوێنێکی وادا توشـــی نەخۆشیەکی وا سەخت ببێ،نەخۆشخانەکانی یۆنانی ئەوروپای شەرقی لەوانەی ئەوروپـا ناچێ،لێرە لە ئەوروپا ناهێڵن کەس بە دیار نەخۆشەوە بمێنێتەوە بەڵام لەوێ پێویست بوو بۆ هەمحشە کەسێکی بە دیارەوە بێ،من بە ڕۆژ کرێکاریم دەکردو دەبوایە شەویش بە دیار جەمیلەوە لە نەخۆشخانە بخەوم و بەیانی زوش پرۆمەوە سەر کار،ئەم وەزعە گەر چی زۆر هیلاکی دەکردم بەڵام ویژدانم زۆر ئاسودە بوو،

زۆر جاریش هەندێ خەڵک یارمەتیان ئەداین،بیرم دێ ڕۆژێکیان داوای خوێنیان کرد منیش چوم لە باڵەخانەیەکی کۆن کە زۆر کەسی تیا دەژیا وتم خوێنمان پێویستە کۆمەڵێک کەس بەگەرمی لە گەڵم بۆ نەخۆشخانە بە ڕێکەوتن بۆ خوێندان،زۆر کەس هاوکاریمانیان کرد من خۆم بەقەرزاری ئەو خەڵکە دەزانم،ڕۆژگارێکی سەخت و تاڵ بوو بە ڕاستی ،هەڵوێستی زۆر ئینساندۆستانەی یۆنانیەکان بۆ گشت تەمەنم لە زاکیرەما هەمیشە سەوز دەمێنێتەوە،بە تایبەت ئەو کەســەی ڕەفیقم جەمیل حەزی لە هەر شتێک بکردایە لە ماڵەوە بۆی دروست ئەکردوئەیهێنا بۆ جەمیل ئەوانەشی لەو قاوشە بە دیار نەخۆشەوە بوون هەمیشە یارمەتیان ئەدا‌ین ئەیانزانی جەمیـل هیچ کەسێکی خێزانی خۆی لەوێ نیە،

ئەو بۆ خۆشتنیش تواناى نەمابوو لە بیرمە جارێکیان بە تانها جەمیلم شۆرد ناڕەحەت توانیم شەوێکیان عەلی ماوەیەکی کەم بوو هاتبوە یۆنان زمانی نەدەزانی ئەو دەبوایە لای بمێنێتەوە وتی باشە ئەگەر ئازاری بوو چی بلێم؟منیش وتم بڵێ جەمیل پونای،تومەز جەمیل شەو حاڵی خراپ بوە،عەلیش رایکردبوو دکتۆرەکانی بە جەمیل پونای هێنابوو، جا دواتر جەمیلیش گاڵتەی بە عەلی ئەکرد،،،

جارێکیان جەمیل زۆر ناڕەحەت ببوو لە خەسەخانە هەر جارەی فەحسیان ئەکرد دەرمانێکی ناخۆشیان پێ ئەدا بیخوا ،ئەویش وتی من ئیمرۆ ئەو دەرمانە ناخۆم و دەر ئەچم لێرە وتی تۆ

تەڕ ناکا،پارەم داپێی و بە دزیەوە چووم بە دکتۆرەکانم وت بە تەمایە دەر چێ ئاگاتان لێ بێ هەر 2 سەعات دوای ئەوەی گەشتمەوە ماڵەوە جەمیلیش گەشتەوە،وتم ێستا چۆن رات کرد وتی بە دزیەوە،دیسان قەناعەتێکی ناچاریم پێ کردو بردمەوە ،

مانگی 12ی2000دوای 3 مانگ گەڕان بە دوای ئەو نەخۆشیە شەوێکیان درەنگ وەخت جەمیل خەوتبوو منیش لە کەنار جێگەکەی دانیشتبوم،دکتۆرێکی کچ بە ماتیەکەوە هاتوو بانگی کردم، پرسی..تۆ برای ئەوی؟وتم نا...دیار بوو ناچار بوو قسەیەک بکا کە نەیدەویست،هەندێ وەستاو بە میهرەبانیەکەوەلەڕوخساری جەمیلی ڕوانی ،دواتر وتی جەمیل توشی( لیوکیمیا)سەرەتانی خوێن بوەلە100 \ 10ئەگەری مانەوەی هەیە و ئەم نەخۆشـــیە هەنـدێ جـار چەن ســاڵ درێژە ئەکێشێ،هەواڵ هات ناوەوەختێ هات و هەرچی گەڵای چاوارواانیمان مابویەوە بە درەختێکی پایزیەوە ئەاونیشی هەڵوەراندو هەموو شتێکی تەسلیمی قەدەرێ کرد بەئومێدەکانمان نامۆبوو مەرگ هات و تەمەنی جەمیل و ئارەزوەکانی لەگەڵ خۆی پێچایەوە بەرەو فەنابوونێکی ئەبەدی،

دوو ژن کە لەو ژورەدا بە دیار ناخۆشەوە بوون بەم هەواڵە گریان،گریان و دڵخۆشی و سەبوری منیان دە دایەوە،بەڵام جەمیل بە روخسارێکی زەردوو ماندووەوە لە خەوێکی قوڵا بوو،هەمیشە ئەیوت ئەگەر لەم نەخۆشیە هەڵسامەوە یەکسەر ئەرۆم،

من ئەم هاواڵەم بە کاک شکوری برای دا،وە بە چەن کەسێکی نزیک کە لەوێ بوون،بەڵام لە جەمیلم شاردەوە،ئیتر کەوتینە وەزعێکی ترەوە کە دۆست و ناسیاوەکانی خۆی ئەم هەواڵەیان بیست لە ڕادە بەدەر لە زۆرێک لە وڵاتەکانەوە هەواڵپرسی وترس و نیگەرانیەکی قوڵیان نیشان ئەدا،بە تایبەت خێزانەکەی لە وەزعێکی زۆر خراپدا ئەژیان و لە دوریشەوە نەیانئەتـــوانی کارێ بکەن،

ئەوەی کە زۆر منی ناڕەحەت ئەکرد قسە کردنی بوو لە گەڵ دایکیدا،فرمێسک بە چاویا دەهاتە خوارەوە بێ ئەوەی هەنیسک بدا،هەمیشەبەدایکی ئەوت( من چەن ڕۆژێکی دەر ئەچم ورزگارم ئەبێ،بێتاقەتی من مەبەو ڕۆژێ دەگەڕێمەوە لات)بەڵام دایکیشی ئاگای لەم هەواڵە جەرگ بڕەی جەمیل نەبوو ...........

د وای ئەوە عیلاجی کیمیائیان پێئەدا،یەکێک لە کاریگەریەکانی ئەو دەرمانە توک بە لەشەوە ناهێڵێ،ئیتر ئەمە حاڵەتێکی سەیری لا دروست کردبوو،تامانگی نیسان بەردەوام بوون وەزعی جەمیلیش بەرەو باشتر ئەچوو بە جۆرێک وەکو جارانی لێ هاتەوە، ڕەنگی گەشایەوەو ئیـــتر کەس نە باوڕی دەکرد جەمیلەکەی جارانەو نە باوەڕی دەکرد بمرێ ،لە نەخۆشخانە دەریـــان کردو ماوەی چەن مانگێکیان پێدا تا بزانن وەزعی بەرەو کوێ دەچێ،

ڕۆژێک کە لای من دانیشتبوین و نیزام کوڕێکی هاوڕێم بوو ئەویشمان لەگەڵ بوو،ڕێکەوتێکی سەیر ڕویدا جەمیل دەستی بۆ گۆڤارێکی عەرەبی بردو دوای کەمێ سەیر کردن روخساری زەرد هەڵگەڕا،ڕوی لە من کردو وتی( بۆ تا ئێستا درۆت لە گەڵ کردوم؟)گۆڤارەکەی خستە بەر دەستم و وتی بیخوێنەوە،راپۆرتێکی پزیشکی بوولە سەر لیوکیمیا،من پێشتر ناوی نەخۆشیەکەیم بەیۆنانی پێ وتبوو کە کەمێ جیاوازبوو،وە نسبەکەشیم پێ نەوتبوو،ئیتر بە باوەڕێکــی قایمەوە پێم لە سەر قسەکانم داگرت تا پاوەڕم پێ کردەوە کە ئەو نەخۆشییەی نیە،

مانگی ئایار من دەبوایە سەفەرم بکردایە و جەمیلم جێبهێشتایە،هەلومەرجێکی زۆر ناخۆشبوو بەڵام کۆمەڵێ کەسی باش هەبوون منیان بێ خەم کردبوو لە خزمەت کردنی،فواد و نیزام و قادرە سورو چەن کەسێکی تر ئامادەیی باشـــیان هەبوو، ئینسان کۆمەڵێ شتی سەیـــری تیادایە،من پێم وایە سەرەڕای هەموو سەختی و تاڵیەک کە لە هەر شوێنێک ئەیچێژێ دواتـــر جۆرێك لە خەم بۆ لە دەسچونی ئەو زەمەنە تێپەڕیوانە دایدەگرێ،

من ئارەزوی ڕۆژێک زوتر رزگار بونم ئەکرد،کە چی چەن ڕۆژ پێش دەرچونم خەمێکی هێجگارقوڵ دایگرتبووم ،ئومێدی بە دەس هێنانەوە بە تایبەت لە ڕێگەی سەفەردا بە مەحاڵ دێتە پێش چاو رابردوو بەو هەموو قەساوەتەیەوە شیـــرین دەبێ،خەمی لە دەس چونی ئەو هەموو ئینـــسانە باشانەی کەستەمە جارێکی تر ڕیکەوتیان بکەیتەوە لە ســـەرجەم رۆژەکانی تەمەنتـــا،واییی لە سەفەر چی بێ ڕەحمانە دەتداتە دەستی قەدەرەوە،، ماڵئاوایم لە هەموو ئەوانەی نزیکمبـــوون زەحمەت بوو بەڵام هیچیان هێندەی ماڵئاوایم لەو سەخت نەبوو، ئینسان لەو کاتەدا تەمەنناى چی بکا بۆ یەکتر ؟ئومێدی چی بۆ یەک بخوازێ؟من قەت دوا قسەم لە گەڵ جەمیل لە کاتی ماڵئاوایدا بیر ناچێتەوە،ئەو وشانەی لە هەموو خانەکانی گیانمانەوە قوڵپی ئەدا،ئەو وشانەی پڕ جەخاروو خەساراتێکی گەورە بوون،کاتێ دەسمان کردە ملی یەک بە دەم فرمێسک ڕشتنەوە خۆر بەرەو ئاوابوون ئەرۆیی،ئەو وتی( برۆ و خەمی منت نەبێ، برۆو بە مەنزڵێ بگەی شەکەتی رۆحت دەر بکا)منیش بە دەم خەم و قەهرێکەوە پێم وت چاوەڕێت ئەکەم،بەڵام بێ مانایيەکی گەورەبوو کە نەم دەزانی بۆ کوێ دەرۆم تا لەوێدا چاوەڕێی بکەم،

لە تەموزی 2001دا دوای دوو مانگ دابران توانیم پەیوەندی پێوە بکەمەوە،ئەو کاتە گەرابویەوە نەخۆشخانە،لە مانگی ئابدا لە تەلەفونێکا پێی وتم کە دکتۆر پێی وتوە تا مانگێکی تر دەتوانێ بگەڕێتەوە و سەری ماڵیان بداتەوە،ئەمەی بە دەم قوڵپی گریانێکەوە پێ وتم ڕێک بۆنی مەرگی لێ دەهات،بەڵام ئەو تازە فریای گەرانەوە نە ئەکەوت،چەن جارێ قسەم لە گەڵیدا کرد،وای لەو دوو ئیحساس و بیرکردنەوە جیاوازانەی لە سەر و لە دەممدا بوو،کێ ئەتونێ مانایەک بدا

به مەرگ؟کێ ئەتوانێ ژیان هێندە بێ ماناو ریسوا بکا تا ئیتر بۆی گرنگ نەبێ مەرگ؟

دوا ڕستەی کە بیرم ناچێتەوە وتی(مەرگ گرنگ نیە،داخی من داخی کەسێکە کە هیچ ئومێدێکی بە دی نەهـــــــــات)

ئەوێ نیهایەتی شتەکان بوو ،نیهایەتی جەمیل و ئەشق و غوربەت و خەونەکانــی،نیهایەتێکی ناوەخت....چەن رۆژ پێش دوا هەناسەکانی چەن جار هەوڵم دا دوا دەنگی لە زاکیرەما تۆمـــار بکەم ،بەڵام ئەو دەنگی پێش دڵی تەسلیمی مەرگ ببوو ،2001/8/19سەعات1ی دواینیوەرۆ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ئەسینا بۆ ئەبەد هەموو شتێکی جێ هێشتوو رۆیـــــــی*

تێبینی/ ئەبوو وشەیەک بوو لە خۆشەویستیا بە کاری ئەهێنا.